**سەرچاوەکانی( ئومێد) و(متمانە) لە سیستەمی سەرمایەداری دا, بەرەو وشکبوون دەچن!**

**ئامانج پیرۆت**

یەکەم: ئومێدی ژیانێکی ئاسانتر و هەرزانتر

ئەگەر بە درێژایی تەمەنی سیستەمی سەرمایەداری و تا ئێستا( وەیان وردتر بڵێم تا ساڵانی نەوەدەکان) لە ئاستی بەرهەمهێناندا تایبەتمەندی یەکی سیستەمی سەرمایەداری ئەوە بووبێت کە هەر چەند دەیە جارێک گوژمێکی وای وەرگرتبێت کە ژیان ئاسانتر و هەرزانتر بوبێت (بڕوانە وێنەی1)، ئەوا لە ئاستی سایکۆلۆجیدا ئەم تایبەتمەندی یە بووەتە مایەی دروست کردنی ئەو جۆرە ئومێدە لە ئینسانەکاندا، کە ماوە دوای ماوە و نەوە دوای نەوە ژیان باشتر دەبێت: بەشی ئینسانەکان زیاد دەکات و ئینسانەکان دەتوانن چێژێکی زیاتر لە ژیان وەرگرن. ئەم ئومێدە کە تەنانەت لە شێوەیەکی پەروەردەیی دا بەردەوام لە ڕێگەی نەوەکانی پێشترەوە ئاژین کراوەتە مێشکی نەوەکانی دوای خۆیانەوە و خۆی تازە کردووەتەوە، توانیویەتی بەدرێژایی مێژووی سیستەمی سەرمایەداری گەورەترین خزمەتی ئەو سیستەمە بکات و هەمیشە وەڵامێکی ئاسان و هەرزان بووە بۆ ویست و خواستی ئینسانەکان بۆ گۆڕان و شۆڕش. زۆربەی هەرە زۆری دایک و باوکەکان( تەنانەت ڕێژەیەکی زۆر لەوانەش کە بەشێکی زۆری کات و تەمەنی خۆیان بۆ پچڕاندنی جەماعی یانەی بەشی ئینسانەکان تەرخان کردووە) نەیانتوانیوە لە ژێر کاریگەری ئەم ئومێدە دەرچن و ئەو گومانەیان لا دروست نەبووە، کە منداڵەکانیان لەخۆیان خراپتر بژین( هەڵبەتە کەم کەس دەتوانێت حساباتێکی ڕێژەیی بۆ بەشی ئینسانەکان لەچاو توانای کۆمەڵگەدا بکات، ئەوە بێنێتە پێش چاو کە ئەگەرچی بەشی منداڵەکانی لەچاو توانایی ڕابردووی کۆمەڵگادا زیاترە، بەڵام نسبییەن لەگەڵ توانایی ئێستای کۆمەڵگادا، کەمترە ) .

هەربۆیە بە گەڕانەوەش بۆ ڕەوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، دەتوانین ئەو ئیستنتاجە بکەین کە ئیتر یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەو ئومێدە ، کە سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری یە، بەرەو وشک بوون دەچێت. چونکە ئەگەر لەماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، لانی کەم هەر چل پەنجا ساڵێک قۆناغیکی نوێ سەری هەڵدابێت، ئەوا لەم سەردەمی خێرایی یەدا بۆ چەند دەیەیەک دەچێت، لەدوای قۆناغی زانیاری و گەیاندن، ئاژامەی هیچ قۆناغێکی تر دەرنەکەوتووە کە بتوانێت ژیان ئاسانتر و هەرزانتر بکات! ئەمە لەکاتێکدا کە ئەگەر بە مێژووی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بچینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە تەقریبەن لە ناوەڕستی ماوەی نێوان هەردوو قۆناغدا ئاژامەکانی قۆناغی دواتر دەرکەوتووە.



وێنەی 1: قۆناغەکانی گەشەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری

دووەم: متمانەی پاراستنی ژینگە

ئەگەرچی تا ئێستا چەندین توێژینەوەو نیشانەی زانستی و بەڵگەی سروشتی ئەوەیان دەرخستووە کە بەهۆی بەرهەمهێنانەوە ژینگە ڕوبەڕوی مەترسی گەورە بووەتەوەو دەبێتەوە( زیادبوونی پلەی گەرمای زەوی و کەمبوونەوە و نەمانی ئاوی خواردنەوە، کارەساتە سروشتی یەکان، پیسبوونی هەوا و کەمبوونەوەی وزە و ... ) وە لەژێر فشاری ئەم ڕاستی یانەشدا بزوتنەوەیەک سەری هەڵدا کە سەرجەم سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە هەر لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری دا، دەتوانێت ئەو هەڕەشانە کەم بکاتەوە و نەهێڵێت. تا وای لێهات زۆرێک لە دەوڵەت و ئۆرگانە نێودەوڵەتی یەکان و سیاسەتمەدارەکانی دنیا ناچار بوون لێرەو لەوێ و ناوبەناو، کۆبونەوە ساز بکەن و پێشنیار و بڕیاری جۆراوجۆر بخەنە ڕوو، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی عەمەلی وا هەڵنەهێنراوە کە ئەو مەترسی یانە کەم بکاتەوە وەیان بەشەریەت لەو مەترسی یانە دوور بخاتەوە( دوایین کۆبوونەوە، کۆنگرەی کۆپنهاگن بوو، کە شکستی خوارد).
هۆکاری سەرەکی ئەم دەستەپاچەیی یە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ماهیەتی بەرهەمهێنان لە سیستەمی سەرمایەداریدا کە ئەویش لەلایەک ئەوەیە کە قازانج دەیجولێنێت نەک پێداویستی و لەلایەکی تریشەوە ڕکابەرایەتی هەیە. یەکەمیان داوای بەرهەمهێنانی زیاتر و کەم خەرجتر دەکات، ئاشکرایە تا بەرهەمهێنان زیاتر بێت و تا کوالیتی خراپتر بێت و حسابێکی کەمتر بۆ ئەو جۆرە بەرهەمانە بکرێت کە زیانی کەمتر بە سروشت دەگەیەنن، ئەگەری قازانجی زیاتر زاڵتر دەبێت( سادەترین بەڵگە بۆ ئەمە بریتی یە لە هەبونی سەدان قاتی پێداویستی یەکانی بەشەر ، هەر لە دەرزی یەکەوە تا دەگاتە ئۆتۆمبیل و شتی تر لە بازاڕدا ) و دووەمیان، واتە کێبەرکێ، ئەوە فەرز دەکات کە هەر ماوە نا ماوەیەک بەشێکی فراوان لەم پێداویستی یانە بفەوتێنرێن. بەو پێ یە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دوو تایبەتی جەوهەری وای هەیە (کە دەسبەرداربوونیان ئاسان نی یە) و بە هەردوکیشیان بونەتە مایەی بەرهەمهێنانی زیاتر و لەوێشەوە بونەتە مایەی ماندوو کردنی سروشت و سروشتیش بە پەرچەکردارەکانی خەریکە بەشەریەت لەناو دەبات.
هۆکارێکی تری ئەم دەستەپاچەیی یە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرکەوتنەی کە بازاڕی ئازاد لە دەیەکانی ڕابردوودا بەدەستی هێنا و وشەی قازانج توانی بەئاشکرا چۆک بە هەموو بەهایەک دابدات و کۆتی خستە دەست وپێی تێکڕای بوارەکانی ژیانەوەو نەوەیەک لە سیاسەتمەداری بارهێناو جێ پێی قایم کردوون، کە سەرلەبەری پڕۆژەکانیان ئەوە بووەو ئەوەیە کە چۆن سەرمایەداران قازانجێکی زیاتر بکەن، ئەمانە ئێستا ناتوانن بە قەناعەت و جورئەتەوە بڕیاری جڵەوکردنی ئەسپێک دەربکەن، کە ژیان بەلای ئەوانەوە لەوەدایە کە بە سەرکێشی یەکەیەوە بەردەوام بێت. بەڵام یەکێک لە بەرەنجامەکانی ئەم سەما سەرکێشانەیە، هەڵپڕوکانی گوڵی ( متمانە) ی نەک تەنیا چینی کرێکار بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری خەڵکیش دەبێت. بەواتەیەکی ڕوونتر، سەرمایەداری لەمەودوا ئەو سەرچاوەیەش وشک دەکات کە (متمانە) ی ژیانێکی تاڕادەیەک دڵنیای دەدا بە بەشێک لە خەڵک( بەتایبەتی چینی ناوەڕاست) و لەوێشەوە ماتریاڵ و زەخیرەیەکی ئینسانی و مەعنەوی بۆ ڕاگرتن و پاراستن و بەڕێوەبردن و شەرعیەت پێدانی( بە تایبەتی لە سیناریۆی هەڵبژاردنەکاندا) زەمانەت دەکرد.

ـ نەمانی ئەم سەرچاوانەی ئومێد و متمانە، چ تایبەتمەندی یەک دەدەن بە فەزای هەمەلایەنەی کۆمەڵگا؟

هەڵبەتە بە نەمانی سەرچاوەکانی ئەم ئومێد و متمانانە، هەموو ئەو ئاکامە سایکۆلۆژی و مەعنەوی و پەروەردەیی یانەش پێچەوانە دەبنەوە کە هەبوونیان دروستی دەکردن و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە قازانجی سیستەمی سەرمایەداری بوون. لێرەشەوە زەمینەی سەرهەڵدانی پرسیاری تر و قەبووڵکردنی وەڵامی تر و نواندنی هەڵوێستی تر و دەرکەوتنی سیاسەت و بەدیلی تر بۆ کوللی سیستەمەکە خۆش دەبێت. بۆ نمونە ئەگەر بیهێنینە بەرچاومان کە ڕازی بوونی بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگا و دروستکردنی وەهمی باشتر بوون و هەرزانتر بوون و ئاسانتر بوونی ژیان لە سایەی ئەوەوە بووبێت کە هەر چەند دەیە جارێک بەرهەمهێنانی سەرمایەداری توانیبێتی گوژمێکی وا وەرگرێت کە ئەوانە نیشانبدات و بچەسپێنێت، ئەی ئێستا بە ڕاوەستانی ئەو گوژمە چی ڕوودەدات؟ ئاشکرایە کە ئەم ڕاوەستانە نەک هەر پایەی ماددی و ئابووری ئەو ئومێدە دەڕوخێنێت، بەڵکو سەرمایەدارە گەورەکانیش ناچار دەکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو نەقسەی کە ئەم ڕاوەستانە لە قازانج کردنیاندا دروستی کردووە، هێرشی ئاشکراتر و ڕاستەوخۆ تر و هەمە لایەنە تریش بکەنە سەر سەرجەم چین و توێژەکان. هەروەها کاتێک کە بەشێک لە کۆمەڵگا( وەکو زاناکان و ئەوانەی لە ناوەند و دەزگا زانستی و ڕۆشنبیری یەکاندا کاردەکەن) کە بەحوکمی دەسڕاگەیشتنیان بە زانیاری یەکان سەبارەت بە ژینگە و هەڵوێستی دەوڵەت و کۆمپانیاکان، دەتوانن لەوە بگەن کە لەدەور و بەریان چی دەگوزەرێت، بێ متمانە دەبن بەرامبەر بە سیستەمەکە و هەروەها بنەما ئایدیۆلۆژی و سیاسی یەکانی بزوتنەوەی دیفاع لە ژینگە تووشی لەرزین دەبێت، چەندین ئاڵوگۆڕی سیاسیش لە ئاستی کۆمەڵگادا ڕوودەدات و مۆری خۆیان لە داهاتووی کۆمەڵگا و چین و توێژەکان دەدەن. دەکرێت لێرەدا لە دوو ئاستدا ئەو ئاڵوگۆڕانە ڕوون بکەینەوە:

1. لە ئاستی چینە نەدارەکاندا

فرسەتێکی زیاتر بۆ کۆمۆنیستەکان دەڕەخسێت کە سەرنجی چینە نەدارەکان بۆ لای مەسەلە سەرەکی یەکانی ژیان ڕابکێشن و هەستی چینایەتی لە ژێر قوڕولیتە و شێوێندراوی دەربهێنن و ئەو پرسیارانە زەق بکەنەوە کە وەڵامەکانیان تەنیا لای کۆمۆنیستەکانە و لێرەشەوە فرسەت و زەمینەی ڕابەرایەتی کۆمۆنیستەکان بۆ ناڕەزایەتی یەکانیان پەرە دەسێنێت و کۆمەڵایەتی بوونەوەی سەرلەنوێی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەستپێدەکاتەوە، هەروەها هەرچی زیاتر هەڵسوڕانی جەماعی و ڕەوا بوون و پێویست بوونی بەدیلی سۆسیالیستی دەبێتە وەڵامی ئەو فشار و نائومێدی یەی کە بەسەریاندا سەپێنراوە، چونکە ئەم جارە سەرچاوەی ئومێد لە دەرەوەی ئینسان وشک دەکات نەک لە ئاستی فەردیدا و ئینسانەکان ناچار دەکات بکەونە سەر ڕێچکەی وەڵامدانەوەی جەماعی نەک هەڵوێست وەرگرتنی فەردی( کە بە تایبەتی ئەو کاتانە ڕوو دەدات لە دەرەوە ئومێد هەبێت و لە ئاستی فەردیدا نەمێنێت). ئەو فاکتەرانەی سەرەوەش کافین بۆ ئەوەی تادێت قەیرانی هەمە لایەنەی سیستەمی سەرمایەداری و پارێزەرەکانی قووڵتر و قووڵتر بکەنەوە و شپرزەیی ببێتە تایبەتمەندی یەکی دانەبڕاو لە هەر جۆرە مامەڵە و پەرچەکردارێکی پارێزەرەکانی ئەو سیستەمەدا. بەمەش بزوتنەوەی چینی کرێکار و توێژە مەحرومەکان دەگاتە ئاستێکی تر و جورئەتی مامەڵەی بەرپرسیارانەی لە ئاستی کۆمەڵگا و چارەنوسی دا زیاد دەکات و دەست بۆ پەیدا کردنی پێداویستی یەکانی خاوەندارێتی خۆی بۆ کۆمەڵگا دەبات و پرۆسەی دامەزراندنی بەدیلی خۆی بەرجەستە تر دەکاتەوە.

2. لە ئاستی کۆمەڵگاکان و جیهاندا

لە ئاستی ناوخۆیی و جیهانی و نێودەوڵەتیدا سەرەتای بەرەوخوار بوونەوەی کێرڤی گوێڕایەڵی و تەسلیم بوونی ڕەهای سیاسەتمەدار و کاربەدەستەکانی ئۆرگانە دەوڵەتی و نێودەوڵەتی یەکان بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان، دەستپێدەکات و لە چەند ساڵی داهاتوودا قڵشتی نێوانیان زیاد دەکات و ئاشکرا تر دەبێت. ئەگەر تێبینی دوا بڕیاری دەوڵەتی ئەمریکا بکەین سەبارەت بە ڕێگەپێدانی کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی پشتگیری ماددی کاندیدەکانی خۆیان بکەن، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کۆمپانیاکان بە سوود وەرگرتن لە دەسڵاتێک کە ئێستا هەیانە، دەیانەوێ خۆیان بۆ ئەو قڵشتە ئامادە بکەن و ڕێگەی لێبگرن و ئەوەی ئەگەر جاران لەڕێگای ئایدیۆلۆژیایەکی تا ڕادەیەک مونسەجیمەوە ناڕاستەوخۆ خزمەتکارەکانی خۆیان دەدۆزیەوە و بۆیان فەراهەم دەبوو، ئێستا لە سات و سەودا و کڕینێکی ڕاستەوخۆدا پەیدایان بکەن و لەمەودوا سیاسەتمەدارەکان نەک وەک هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو(کە سەرەتای درز تێبوونەکانی دەرکەوتووە) ناڕاستەوخۆ خزمەتیان بکەن، بەڵکو ڕاستەوخۆ وەکو بەکرێگیراوێکی( بە عەقد و پەیمان) خزمەتیان بکەن. ئەمەش بەرەو ئەوە دەچێت کە هەرچی زیاتر ماهیەتە مافیایی و دژی بەشەری یەکەی ئەم سیستەمە و پارێزەرەکانی دەربکەوێت و نەک تەنیا لای چینە نەدارەکان بەڵکو لە ئاستێکی بەریندا شەرعیەتی ئەم سیستەمە بچێتە ژێر پرسیارەوە و نەتوانێت درێژە بەو وەهمە بدات کە سیستەمێکە بۆ هەموو خەڵک. ئەم فاکتەرەش دەچێتە پاڵ فاکتەرەکانی پێشتر و بەدیلی چینی کرێکار لە ئاستێکی بەریندا ئیعتبار و زەرورەت پەیدا دەکات.

شوباتی 2010

amang70@hotmail.de